
سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیزی تورکیا پەیوەندی دوو قۆڵی و کێشەی ئاو تاوتوێ دەکات



بەڕێز حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز ئێنیل بڕا ئێنان باڵیزی تورکیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باس لە چۆندین بابەت کرا لەوانە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵات و چۆنیەتی پێشخستنی بە پشت بەستن بە خاڵە هاوبەشەکان و پتەوکردنی هەرەوەکانی هاریکاری.
سەماحەتی حەکیم جارکی دیکە دووپاتی کردەوە کە گرنگە بدی هەنانی سەقامگیری لە ناوچەکە ئاوڕی بە بەرپرسیارێتی هەموو لایەنەکان لەقەڵەمدا بتایبەتی ولاتە گەورەو کاریگەرەکان، هەروەها بەرپرسیارێتی بەشداریکردن لە چەسپاندنی ئاوڕی لە بەرژەوەندی گەلەکانی ناوچەکە و ڕەگاخشکردن بیان تا بتوانن خۆر وبەرەکان و سامانەکانیان وبەربهەنن، .

سەماحەتی حەکیم داوای لە تورکیا کرد کە بەشی ئاو بە عێراق زیاد بکات لەبەر ڕەشنایی قەیرانی ئاو کە کاریگەری لەسەر بواری جۆراوجۆرەکانی ژیان هەیە، پشتیوانی بە ئاو پڕۆژانە دووپاتکردەوە کە یارمەتیدەرن بە بەڕێوەبردنی باشتری ئاو و گرنگی سوود وەرگرتن لە شارەزایی کەمپانیا تورکیەکان لەم بوارەدا..

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر هاریکاریکردن لە بواری وزە و سەرخستنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لەگەڵ گرەنتی کردنی ئاسایشی پێویست بە سەرکەوتنی ئەو پڕۆژانە، هەروەها ئاماژەی کرد کە هەبژاردنەکانی داهاتوو، هەنگاوێکە بە پتەوکردنی سەقامگیری و گواستنەوە بە قۆناغێکی تازە کە سەقامگیری تێدا هەمیشەیی بێت.